

وابزانم پێویست بەبیرخستنەوە ناكات ، چونكە یادی ئەوئێوارەیە هەرگیز لە بیرم دەرناچێ .

ئێوارەیەكی پایزی باراناوی‌بوو ، كە لەگەڵ باوكما لە یەكێك لە شەقامە چڕەكانی پایتەختە فراوانەكەدا وەستابووم ، هەستم بەگێژ بوونێكی زۆر ئەكرد ، هیچ ئازارێكی ڕاستەوخۆم نەبوو ، بەڵكو پێ‌كانم هیلاك بووبوون‌و ، سەرم بەكزی بەسەر ملما كەوتبوو . ووشەكانیش لەناو گەروما تاسابوون ، هەستم ئەكرد كەئێستا . یاساتێكی‌تر لەسەر لێواری شۆستەكە ئەكەم و لە هۆش خۆم ئەچم .

باوكم بەتەنیشتمەوە لەسەر شۆستەكە وەستابوو ، بەپاڵتۆ كۆنە هاوینە كەی‌و كڵاوە خەت‌خەتە كاڵەوە بوەكەی ، قاچەكانیشی بەتاكەوتاكی كردبووە ناو كەوشە زلەكانیەوە .

خۆشەویستیم بۆ ئەم پیاوە ، نیمچە خوێندەوارە ، هەژارە ، بەپاڵتۆ هاوینەكەیەوە ، كە ڕۆژێك لەڕۆژان ڕازاوەو نوێ‌بوو ، تائەهات ، زیاتر ئەبوو ، هەرچەن ئەو پاڵتۆكەی كۆنتررو چڵك هەڵگرتوتر بوایە ، من ئەوەندە زیاتر خۆشم‌ئەویست .

پێش ئەو ئێوارەیە ، بە پێنج مانگ لەوەبەر هاتبوە ناو پایتەختە گەورەكەوە ، بۆ ئەوەی بگەڕێت بەدوای كارێكدا نوسیارێك (كاتب) ئەو پێنج مانگەی لە شەقامەكانی ئەو شارەدا وەك ئاوارە بەسەر بردبود ، لەو ڕۆژەشدا هەموو توانای خۆی كۆكردبوەوە ، بۆ دەست پانكردنەوە لە خەڵكی ! ! .

لەبەردەمماندا ، خانویەكی سێ نهۆمی بەرز بوبوەوە و لەسەر ئەوپارچە تەختەیەی بەروكاریدا هەڵواسرابوو ،

هاتوو چۆی ئەكرد . بە چوار دەوری خۆیدا ئەیڕوانی . لە دوورەوە كۆمەڵێك ماسی بچكۆلەی دی كە لە یەكتری كۆبوونەوە .

ماسی یە بچكۆلەكان هەركە لە دوورەوە چاویان بەو ماسی یە گەورەیە كەوت . ترسان‌و هەریەكەیان بە لایەكدا تێ‌ی تەقان .

تەنیا ماسی‌یەكیان نەبێت كە لەبەر لووتی ماسی‌یە گەورەكەدا وەستاو نەڕۆیشت و نەجووڵا .

ماسی یە گەورەكە ئەمەی بەلاوە سەیر بوو . لە ماسی یە بچكۆلەكە چووە پێشەوەو پێ‌ی ووت :

* ئەبینم تۆ وەك ماسی یە بچكۆلەكانی هاوڕێت نەبوویت . ئەوان هەركە چاویان بەمن كەوت هەریەكەیان بە لایەكدا ڕایان كرد .

ماسی یە بچكۆلەكە پێ‌ی ووت :

* چ پێویست ئەكات لێت بترسم .

ماسی یە گەورەكە بە توورەیی‌یەوە پێ‌ی ووت :

* ئەی لەوە ناترسی بتخۆم ؟ .

ماسی‌یە بچكۆلەكە بێ ئەوەی خۆی تێك دات پێ‌ی ووت :

* هەرگیز لەوە ناترسم . بەلام ئەی تۆ تەریق نابیتەوە لەوەی كە من‌و ماسی‌یە ووردەكانی هاوڕێ‌ی من لێت بترسن .

ماسی یە بچكۆلەكان لەسەر قسەكانی ڕۆیشت‌و ووتی :

* سەیرە ماسی بۆ لە ماسی بترسێ . كە هەردووكیان هەر ماسی بن . ماسی‌یە گەورەكە لە قسەكانی ماسی‌یە بچكۆلەكە حەپەسا . بیری كردەوە لە دڵی خۆیدا ووتی :

* قسەكانی ئەم ماسی‌یە بچكۆلەیە زۆر لەڕاستی‌یەوە نزیكن . وایە بۆ ئێمەی ماسی گەورە ماسی بچووك بخۆین . ئایا ئەوان لەئێمە نین . یان كەی ڕۆژێ لە ڕۆژان ئێمە كە وەك ئێستای ئەمان بچووك بووین پێمان‌خۆش بووە كە ماسی یە گەورەكان بمان خۆن . ئەوسا ماسی‌یە گەورەكان ئێمەیان بخواردایە ، ئێستا لەكوێ ئەبووین بەم ماسی‌یە گەورەو زەبەلاحەی كە ئێستا هەین ؟ .

ماسی یە گەورەكە ماسی‌یە بچكۆلەكەی بەجێ هێشت . لە دڵی خۆی‌دا هەر بیری لە قسەكانی ماسی‌یە بچكۆلەكە ئەكردەوە . دووای ئەوەی چوە سەر قسەكانی ماسی‌یە بچكۆلەكە ، بڕیاری‌دا هەتا هەتایە واز لە خواردنی ماسی‌یە بچكۆلەكان بهێنێت‌و بەهەر ماسی‌یەكی گەورەش بكات ، ئەو دەرسەی ماسی‌یە بچكۆلەكە فێری ئەمی كرد ئەمیش فێری ئەوی بكات

نوسینی : ئەنتۆن چیکۆڤ
وەرگێڕی لە ئینگلیزیەوە : ئەکرەم قەرەداخی

ـوسرابوو «چێشتخانە» .

ئەوکاتە کە بەبێ ئاگا تەماشایەکی پەنجەرە ڕەنگاورەنگەکانی چێشتخانە گەورەکەم کرد ، سەرم وەك بەلادا بێت وابوو ، کۆمەڵێك خەڵکم دی ، کەبەتەنیشتیانەوە تیپێکی سازلێدەر ، خەریکی ساز لێدانبوون ، دوو وێنەی گەورەی زەیتیو چەند لامپایەکی ڕەنگاورەنگی گەورەش هەڵواسرابوو ، کە زۆرتر سەیرم کردن ، چاوەکانم پارچە تەختەیەکیتری ، بەدی کرد لە ناو چێشتخانەکەدا هەڵواسرابوو لەسەر پارچە تەختەکەش نوسراوێك ، نو سرابوو ، هەرچەندم کرد نەم ئەتوانی بیخوێنمەوە . نیو سەعات زیاتر خەریکی ئەو پارچە نوسینەبووم بەهۆی ئەو ڕەنگە سپیە بریقەدارەی کەوەك ئەفسونی لێکردبوو ، بۆم نەئەخوێندراوە سەرگێژیەکەم ، تائەهات زیاتر ئەبوو ، هەستم ئەکرد ژاوەژاوی شەقامەکە زیاتر دێتەگوێمەوە ، وەك بروسکە لەپەڕەکانی گوێم کارئەکەن ، بۆنە جیاجیاکانی شەقامەکەش یەك یەك ئەچونە هەناومەوەو تیشکە بەهێزەکانی چێشتخانەکەو لامپا گەورەکانی ناوشەقامەکەش وەك بروسکەبوون ، لەو شەوە هەوراویەدا .

هەرچۆنێبوو ، پارچە تەختەکەم خوێندەوە ، نوسرابوو «گوێچکە ماسی» ووشەیەکی واقوڕکەرە !! ، تەمەنم لەم ژیانەدا بوە بە هەشت ساڵو سێ مانگ : بەلام هەرگیز گوێم لەم ووشەیە نەبوە . تۆ بڵێی چی بێت ؟ !

تۆ بڵێی نازناوی خاوەن چێشتخانەکە بێت ؟ ! نەخێر ، ئەو تەختانەی ناوی خاوەن ئوتێلو چێشتخانە هەڵئەگرن ، لەدەرەوە هەڵئەواسرێن . نەك ژورەوە ، ئەی ئەمە چی بێت ؟ !

تۆ بڵێی نازناوی خاوەن چێشتخانەکە بێت ؟ ! نەخێر ، ئەو تەختانەی ناوی خاوەن ئوتێلو چێشتخانە هەڵئەگرن ، لەدەرەوە هەڵئەواسرێن ، نەك ژورەوە ، ئەی ئەمە چی بێت ؟ !

کەوردە وردە ڕووم کردە باوکم ، بەدەنگێکی کپی لەسەرخۆوە ، لێم پرسی : «بابە گیان گوێچکە ماسی چییە ؟ !»

باوکم گوێی لێنەگرتم ، بەڵکو هەردوو چاوە کزەکانی بڕیبوە ناو ئەوخەڵکەی بەشەقامەکەدا تێپەڕ ئەبوون ، هەستم کرد ئەیەوێت ڕوبکاتە خەڵکەکەو قسەیان لەگەلا بکات ، بەلام ووشەکان لە دەرونیا پەنگی خواردبوەوە ، شەرم بەری گەرووی گرتبو ، ووشە قوڕسەکان ، بەلێوە لەرزۆکەکانیەوە نوسابوونو بەرنەئەبوون ، بەلام ؛ لەپڕ چمکی چاکەتی یەکێك لە ڕێبوارەکانی گرت ، کە پیاوەکە ئاوڕی لێدایەوە ، باوکم بەدەمێکی هەلبزرکاوەوە ووتی : «داوای لێ بووردن ئەکەم ، هیچ نەبوو» .

دووپاتم کردەوە : «بابە گیان گوێچکە ماسی مانایچی ؟ !» .

ووتی : «ئەوە جۆرێکە لە گیانەوەر ، لە دەریادا دەژی» .

بەتروکەی چاوێك توانیم شێوەی ئەوگیانەوەرە واقوڕکەرە بهێنمە بەرچاوم ، ووتم لەوانەیە شێوەی لەنێوان ماسیو قرژانگ دابێتو لەبەر ئەوەی لەدەریادا ئەژی ، ئەبێت چەند خواردنی خۆشی بەبەهاراتو دەلوبیبەرەوە لێدروست بکرێت ، یاخو بەساردی لەگەڵ توری کێویدا چەند بەتامبێت ؟ !

بەتەواوی ئەم توانی ئەو شێوەیە بهێنمە بەرچاوم کەچۆن لە بازارەوە ، ئەهێنرێتو ئەخرێتە ناو مەنجەڵەوەو بەخێرایی ئەخورێت ، چونکە ئێمە هەمومان برسین ، زۆر برسین .

لەچێشتخانەکەوە ، بۆنو بەرامی ماسی سورەوەکراوو قرژاڵکی برژاو ئەهاتە دەرەوە ، ئەو بۆنانە بەری مەلاشویان گرتمو هەستم کرد وردە وردە ئەچێتە هەموو گیانمەوە ، لە چێشتخانەکەوە ، لەباوکمە وە ، لەپارچە تەختەکەو لەکراسەکەمو لەهەمویانەوە بۆنەکە ئەهات بەسەرما ، وردە وردە دەستم کرد بەجوینی .. هەروەك گیاندارە واقوڕکەرەکە پڕدەمم بوبێت ! ! .

تامەکەی زۆرخۆش بوو ، بۆئەوەی نەکەوم ، خۆم بەپاڵتۆ کۆنەکەی باوکمە گرتەوەو خۆم پێوەنووسان ، هەستم کرد باوکم ئەلەرزێتو هەستی بەسەرما ئەکرد .

ڕووی پرسیارم لێکرد : «بابە گیان گوێچکە ماسی لە ڕۆژانی بەڕۆژوییدا ئەخورێت ؟ !» ووتی : «تۆ بە زیندوێتی ئەیخۆیت ، لەناو هێلکە شەیتانۆکەکەیدا ئەژی ، وەك کیسەڵ ، بەلام ئەم دوو سەدەفی هەیە» .

بەلێ تێکەیشتم گوێچکە ماسی مانای چی .. مێشکیشم توانی بیهێنێتە بەرچاوم بەهەموو ناشیرینیەکەوە . گیانداریکی وەك بۆقم هێنایە بەرجاوم کە چوبێتە ناو شەیتانۆکەیەکەوە ، هەردوو چاوە ، تروسکەدارەکانی تێ بڕیبمو هەردوو شەویلاکە ناشیرینەکانی بەڕووما بجووڵێنێ .

چی بێت لەوە ترسناك‌تربێت بۆ هەشت ساڵو سێ مانگ لەژیانا ؟ ! . ئەڵێن ئافرەتە فەڕەنسی‌یەکان بۆق ئەخۆن . بەلام کوڕەکانیان نەء . ئەتوانم بەئاسانی‌و وێنەی ئەو ماسیە گەورەیە بهێنمە بەرچاوم کە لە بازاڕەوە ، هەڵئەگیرێت بەهێلکە شەیتانۆکەکەی‌و چاوەگەورەکانی‌و نینۆکە تیژەکانیەوەو کلکە درێژەکەیەوە ، کاتێك منالان لەترسا خۆیان ئەشارنەوە ، چێشتکەرەکە ، لەگەڵ قێزهاتنەوەی‌دا هەڵی ئەگرێت‌و ئەیخاتە بەردەم گەورەکان ، ئەوانیش بەزیندوویی ئەیخۆن ، ئەویش بەهەموو توانای ئەیەوێت گازیان لێبگرێت .

دڵم قێزی ئەهاتەوە ، خەریك‌بوو بڕشێمەوە ، بەلام دیسانەوە ، دانەکانم کەوتنەوە جووین ، ئەمجارەیان گیاندارەکە لە ناودەمما زۆر ترشاوو ناخۆش‌و ترسناك‌بوو !! .

هەرچۆنێ‌بێت خواردم ، خواردم ، زۆر بەپەلە ، زمانم بەکار ئەهێنا بۆ ئەوەی تامی نەکەم ، یابۆنەکەی بەگیانما نەچێتە خوارەوە ، من لە خەیالما ئاوام ئەخوارد ، دڵم لە لێدان‌و هەڵپەدابوو ، ماسولکەکانم شل بووبوونەوە ، گیاندارێك دووان .. سیان .. چاوەکانیان تێ‌بڕیبووم . یەك بەرەودوای یەك خواردمن . بەڵکو خاولی . چەتاڵو کەوچك‌و قاپەکان ، تەنانەت کەوشەکانی باوکم‌و پارچە تەختە سپیەکەشم خوارد ، هەرشتێکم بکەوتایە بەرچاو ئەم‌خوارد !! ، چونکە هەستم کرد بەتەنها خواردن لەدەست ئەوشتە رزگارم ئەکات ، کە بەدەستیەوە ئەتلامەوە . دوو تروسکایی ترسناکم لە چاوەکانی گوێچکە ماسیەکەوە بەدی کرد ، بۆیە ، هەموو گیانم ئەلەرزاو ئەترسام ، بەلام ئەم‌ویست بخۆم ... بخۆم ...

دەستم درێژ کردو بێ‌ئاگا . دەنگێك لە ناو قوڕگمەوە دەرچوو : «تۆزێك .. توخوا تۆزێك ، گوێچکە ماسیم بدەنێ .. گوێچکە ماسی .. واتامم کرد» . لەپڕ راچڵەکیم ، کەگوێم لە دەنگە کپە نووساوەکەی باوکم‌بوو ئەی‌ووت : «یەك پوول .. یەك پوولم‌بدەنێ بەڕێزەکان .. ناتوانم لەمە زیاتر بەپێوە خۆم راگرم .» .

لە نزیکەوە گوێم لە دەنگی‌بوو کەووتی : «کەواتە تۆ ، هەژارە بچووکەکە ، ئەتەوێت گوێچکە ماسی بخۆێت» .. دوو پیاو هەریەکە کلاوێکی ئاوریشمی لەسەرابوو ، لەبەر دەمما راوەستان ، هەردوو چاویان تێ‌بڕیم‌و دەستیان کرد بەقاقای پێکەنین ، یەکێکیان بەوی تریانی ووت : «بەڕاستیتە ، ئەم‌کورتە بنە بچووکە ئەتوانێت گوێچکە ماسی بخوات ؟ ! ... بەلام چۆنی ئەخوات ؟ !»

لە بیرمە ، دەستێکی بەهێز ڕای‌کێشامە ناو چێشتخانە ڕووناکە گەورەکەوە ، خەڵکێکی زۆرم لێ‌کۆمەڵ‌بوو ، بەسەر سوڕمانێکەوە چاویان لێ‌نە ئەتروکاندم ..

لە تەنیشت یەکێك لەمێزەکانەوە دانیشتم ، شتێکی لووسی بۆگەنم خوارد ، بێ‌ئەوەی ، بەپەلە خواردم ، بێ‌ئەوەی سەیری بکەم چی‌ئەخۆم ، کە چاوم کردەوە ، چاوە تروسکەدارەکان‌و دانە تیژەکان‌و نینۆکە ئەستورەکانم‌دی ، ئەوسا هەستم کرد شتێکی ڕەق ئەخۆم ، کرۆژتنی ئەم‌شتانە جۆرە دەنگێکی دروست کردبوو ، خەڵکەکە پێکەنین : «بەخواسەیرە ، سەدەفەکانیشی لەگەلا ئەخوات ، کەرە ، کێ هەیە سەدەفی گوێچکە ماسی‌بخوات ؟ !» .

بیری هیچ شتێکی‌ترم ناکەوێتەوە ، ئەوتینوێتی‌یە زۆرە نەبێت کەگرتمی . کاتێك کەچاوم کردەوە ، خۆم لەسەر جێگاکە دی ، باوکم بەژورەکەدا ئەهات‌و ئەچوو دەستی ڕائەوەشان ، ووتی : «من تووشی هەلامەت بووم !.. واهەست ئەکەم شتێکی سەیر لە سەرمایە ، هەروەك لەناویا شتێك هەبێت وایە . بەلام ڕەنگە هۆی ئەوەبێت کە ئەمرۆ هیچم نەخواردووە ! ، بەچاوی خۆم ئەوگەورە پیاوانەم ئەدی پارەیەکی زۆریان ئەدا بەگوێچکە ماسی بەلام بۆ نەچووم ، داوای شتێکیان بەقەرز لێ‌بکەم ، چەند بێ‌هۆش‌بووم ؟ ، بێ‌گومانم کە داواکەیان بەجێ ئەهێنام .»

کەبەیانی نزیك‌بوەوە . نوستم ، خەوم بەبۆقێکەوە دی ، لەناو سەدەفەکەیدا دانیشتبوم ، چاوەکانی ئەتروکان ، لەنیوەڕۆدا تینوێتی هەڵی‌ساندم ، کەداوای باوکم‌کرد ، دیم هێشتاکە هەر بەژورەکەدا دێت‌و دەچێت‌و دەستی ڕائەوەشێنێ .

**تێبینی : ئەم چیرۆکەم لەم کتیبەوە وەرگێڕاوە :**

Selecked shork stories .

Translakion Series .

Vol . 2. "Ankon chekov" "The Shellfish"

pp2ll — 215 . London — 1964 .